# بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبی لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا

# تجسيد المقالات الأدبية في مجلة (كلاويز الجديدة)

# The embodiment of literary articles in (New Galawezh) magazine

مەهدی فاتیح عومەر [1]، ڕێزان سەعید کەریم [2]

[1] بەشی زانستی ژینگە، کۆلێژی زانستە سروشتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: mahdi.omer@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبییە، لەگۆڤاری گەلاوێژی نوێدا)، دەمانەوێت بزانین ئاخۆ بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبی لەنێو سەرجەم ژمارە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا چۆن بووە و بە چ ئاست و شێوازێک گوزارشتی لێکراوە و چۆن ڕەنگی داوەتەوە و داڕێژراوە و بووەتە کەرەستەی بەرهەمی گۆڤارەکە، بۆ ئەم مەبەستەش بە کورتی و بە گشتی و پاڵپشت بە ژمارەکانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ئەم توێژینەوەیە بۆ دوو بەش پۆلێن کراوە:

بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تایبەتکراوە بۆ وتاری ئەدەبی، کە پێناسە و مێژووی وتاری ئەدەبی کوردی و قۆناغەکانی گەشەکردنی و تایبەتمەندی و پێوەرەکانی وتاری ئەدەبی و پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی کوردییەوە بووەتە بابەتی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم تایبەت کراوە بۆ ناساندنی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، سەرەڕای ناساندنی گۆڤارەکە، دروشم و چوارچێوەی کارکردن و مێژووی دەست پێکردن و بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبی لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) و پێوەرەکانی وتاری ئەدەبی لە گۆڤارەکەدا بووەتە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان، پاشان پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** (وتاری ئەدەبی، ڕۆژنامەگەری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، زمان، وەسف، هەڵسەنگاندن)

**الملخص:**

هذا البحث عن (تجسيد المقالات الأدبية في مجلة كلاويز الجديدة) نريد أن نعلم هل تجسيد المقال الأدبي من بين جميع الأرقام المنتشرة في مجلة (كلاويز الجديدة) كيف كان وفي أي مستوي و بأى نوع وصيغ، وماهي الآلات والوسائل التى أدت الى منتج المجلة _ و بهذا الاختصار والعموم و استنادا بأعداد مجلة (كلاويز الجديدة)، صنف هذا البحث إلى قسمين:

الجزء الأول: من حيث العموم قد خصص بالمقال الأدبية، الذي يبحث عن تعريف و التأريخ والمقالة الأدبية الكردية، مع مراحل تطور وتخصيص ومعاير المقال الأدبية، وعلاقته بالصحافة الأدبية الكردية، جعل موضوعا لهذا البحث.

أما الجزء الثاني: قد خصص بمجلة (كلاويز الجديدة) على الرغم من تعريف المجلة وشعارها و إطارها وعملها وتأريخ البدء وتجسيد المقال الأدبية في جميع أعداد مجلة (كلاويز الجديدة)، ومعايير المجلة المقالة الأدبية في المجلة جعل موضوعا رئيسيا في الدرسة والبحث، و بعد نتائج البحث في السجل وقائمة المصادر، ومن ثم قد عرض ملخص هذا البحث باللغتين الإنجليزية والعربية.

**مفتاح الكلمة:** (المقالة الأدبية، صحافة، مجلة كلاويز الجديدة، اللغة، وصف، تقييم)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10479 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٢٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mahdi.omer@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د.مەهدی فاتیح عومەر ، ڕێزان سەعید کەریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The research is on the (embodiment of literary articles in New Galawezh magazine) we want to know how and to what level the embodiment of literary essay was among all the publications of the (New Galawezh) magazine. In addition, to wat level the reflection and the formulation of the embodiment of literary essay was applied in the magazine, for this purpose, briefly and generally, in support of the magazines numbers (New Galawezh), this research is classified into two parts:

The first part is generally dedicated to literary essay, which includes the definition, history of Kurdish literature, the stages of development, the characteristics and criteria of literary essay, and is relation to Kurdish literary journalism, these are also become the subject of the research.

The second part is dedicated to (New Galawezh) magazine, despite the definition of the magazine, the slogan, the scope of the project, the history of beginning and embodiment of literary essay and the criteria for literary essay in all the numbers of (New Galawezh) magazine, are all presented and become the main subjects of the research. Finally, the results of the study, the list of sources, and then the summary of the research, will be presented in English and Arabic.

**Key words:** (Literary essay, Journalism, New Galawezh magazine, Language, Description, Evaluation).

## پێشەکی:

کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم قۆناغێکی پرشنگدار بوو بۆ میللەتی کورد، لە چەندین ڕووەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو قۆناغە سەرهەڵدانی لایەنی ڕۆژنامەنووسی بوو، کە دەورێکی گرنگ و کاریگەری بینی لە خزمەتکردنی میللەتی کورد، بەتایبەت لە گرنگیدانی بە بواری ئەدەب، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێی ڕۆژنامەنووسیەوە، چەند ژانرێکی نوێی ئەدەبی بێنەکایەوە، بەتایبەت لە ژانری پەخشاندا، وتاریش بە هەموو جۆرەکانییەوە وەك دیارترین هونەری پەخشان لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیدا سەریهەڵدا، پاشان قۆناغ بە قۆناغ گەشەی سەند و پێشکەوت، (وتاری ئەدەبی)یش لە دیارترین و بەربڵاوترین جۆرەکانی وتاری بابەتییە، کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسیەوە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، وتار بریتییە لە پارچە نووسینێك دەربارەی بابەتێك، کە بەشێوازی پەخشانی دەنووسرێت و قەبارەیەکی مامناوەندی هەیە، تێیدا نووسەر بیروبۆچوونەکانی بە پوختی دەربارەی بابەتەکە دەخاتەڕوو، وتار وەک ژانرێکی نوێی ئەدەبی لەگەڵ سەرهەڵدانی بواری ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەریهەڵدا و دواتریش لە هەردوو بواری ئەدەب و میدیادا جێگەی خۆی کردەوە و لە ئێستادا وەك دیارترین ژانر لە هەردوو بوارەکەدا بایەخی پێدەدرێت، گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) وەک گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوەی وتار بەگشتی و وتاری ئەدەبی بەتایبەتی.

**١/٠) ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان خستنەڕووی ڕەهەندێکی گرنگی نێو گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)یە، کە ئەویش وتاری ئەدەبییە، کە لە لایەن نووسەران و شاعیران و ڕەخنەگران و ئەکادیمیستانەوە، لەم گۆڤارەدا بابەتەکانیان بڵاوکردووەتەوە.

**٢/٠) گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکە بەوردی کارکراوە لەسەر ناساندنی وتاری ئەدەبی و جیاکردنەوەی هەمان جۆری وتار لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا.

**٣/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا سوود لە ڕێبازی (وەسفیی شیکاریی) وەرگیراوە.

بەشی یەکەم: پێناسە و مێژوو و تایبەتمەندی و پێوەرەکانی وتاری ئەدەبی:

## ١/١) پێناسەی وتاری ئەدەبی:

کاتێك بمانەوێت پێناسە بۆ شتێك بکەین، ئەوە ناتوانین سەد لە سەد ئامانجەکە بپێکین، ڕەنگە بتوانین بە شێوەیەکی گشتی پێناسەیەکی بۆ دیاری بکەین، بۆ پێناسەکردنی (هەرچەمکێک) یان هەر بابەتێکی ئەدەبی چەندان کەس پێناسەیان کردووە، بە هەمان شێوە (وتاری ئەدەبی) ش چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە: ((وتاری ئەدەبی پارچەیەکە لە پەخشان کە بە درێژی و بابەتی سنوورداره و بە شێوەیەکی خۆڕسك و خێرا و بێ زۆر لە خۆکردن و ماندوو بوون دەنوسرێت و مەرجی یەکەمیشی ئەوەیە کە گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی کەسێتی نووسەر بێت)) (نجم، ١٩٩٦: ٩٥)، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا بەم جۆرە پێناسە بۆ وتاری ئەدەبی کراوە، ((وتاری ئەدەبی پارچەیەکە لە نووسین بە درێژییەکی مامناوەند، عادەتەن بە شێوازێکی ئاسان و جێگیر بڵاودەکرێتەوە، مامەڵە لەگەڵ بابەتێکدا دەکات لە ڕووی کاریگەری نووسەرەوە لەسەری)) (شرف، ٢٠٠٠: ٢٠). وتاری ئەدەبی ئامانجی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە دەربارەی بابەتێکی ئەدەبی بە شێوەیەکی سادە و تێکەڵ بە هەست و سۆزی نووسەر، وتاری ئەدەبی سەرجەم ئەو وتارانە دەگرێتەوە کە دەربارەی بابەتە ئەدەبییەکان دەخرێنەڕوو، کەواتە ((وتاری ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی ئەدەبیدا دەکات، چ ڕەخنە بێت یان شیکاری دەقێکی ئەدەبی یان پێداچوونەوەیەك بە دیاردەیەکی ئەدەبی یان پێناسەیەکی ئەدەبی یان سەردەمێکی ئەدەبی)) (أبو اصبع ، ٢٠٠٨: ٤٥).گەلێك پێناسە بۆ وتاری ئەدەبی کراوە، هەر نووسەرێك لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی کردووە و بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەم هونەرەی پەخشان خستووەتەڕوو، لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پێناسانەدا دەتوانین بڵێین، وتاری ئەدەبی، ئەو وتارەیە کە بە شێوەیەکی کورت مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی ئەدەبیدا دەکات و نووسەر بەپێی ئەزموون و شارەزایی، هەست و سۆزی خۆی دەربارەی بابەتەکە دەخاتەڕوو.

## ٢/١) مێژووی وتاری ئەدەبی کوردی و قۆناغەکانی گەشەکردنی:

مێژووی سەرهەڵدانی وتار دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی نووسەری فەرەنسی (میشێل دی مۆنتین) کاتێك چەند بابەتێکی دەربارەی ژیان و تەمەنی منداڵی و لاوێتی خۆی نووسی و دواتر لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاویکردەوە، ئەم هەوڵەی (مۆنتین) بوو بە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ژانرە نوێیەی پەخشان کە "وتار"ە، ((لە ڕاستیدا "میشیل دی مۆنتین" کاتێك لە ساڵی ١٥٨٠ کتێبی "هەوڵەکان"ی بڵاوکردەوە، کە بریتیی بوو لە کۆمەڵە وتارێك، بوو بە پێشەوای ئەم هونەرە و نووسەران چاویان لێکرد و وتارنووسین برەوی سەند و ناوبانگی بە ئەورووپادا بڵاوبوەوە)) (بیمار، ١٩٩٦: ٢٠). وتارەکانی مۆنتین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسەرانی ئینگلیز هەبوو، چەندین نووسەری بەتوانا لە بواری وتارنووسیندا دەرکەوتن، ((زۆربەی لێکۆڵەر و مێژوونووسان "فرانسیس بیکۆن" بە یەکەم وتارنووسی ئینگلیزی دادەنێن، کە ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لەم ڕووەوە وتارەکانی بەپێز و دەوڵەمەند بوون و لە هەمان کاتدا وتارەکانی بابەتیانە بووە)) (قادر، ٢٠٠٤: ١١٤).

دەربارەی ئەم هونەرە نوێیەی پەخشان لە ئەدەبی عەرەبیدا، (دکتۆر عزالدین اسماعیل) دەڵێت: ((وشەی وتار نامۆ نییە بە زمانی عەرەبی، بەڵکو لە ڕووی گرنگی هونەرییەوە لە ئەدەبی ئێمەدا نوێ دەبێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە مێژووی وتاری عەرەبی پەیوەستە بە مێژووی ڕۆژنامەگەرییەوە)) (اسماعیل، ٢٠١٣: ١٦٢)، بەهەمان شێوە لەناو کوردیشدا وتار لەگەڵ سەرهەڵدانی گۆڤار و ڕۆژنامەدا سەریهەڵدا و دواتر وەك هونەرێکی نوێ لەنێو ئەدەبیاتدا چەسپا، ((سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی یەکێ بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی خوڵقاندنی چەند ژانرێکی نوێی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لە بەشی پەخشاندا، وتاریش یەکێکە لە گرنگترین ئەو ژانرانە هاتەکایەوە و بە بەرزترین هونەری ئەدەبی دەژمێرێت، چونکە بەگشتی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە و بە هەموو قوژبنەکانیدا دەگەڕێ و دەیخاتە توێی دەقێکەوە)) (تاڵەبانی، ٢٠١٣: ١٣٢)، پاش سەرهەڵدانی بواری ڕۆژنامە و گۆڤار، نووسەران دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب بە گشتی و پەخشان بەتایبەت، لە نێو پەخشانیشدا ئەگەرچی گرنگی بە چیرۆك و ڕۆمانیش دراوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو ژانری وتار بایەخێکی زیاتری پێدراوە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرایەوە، وتار بە هەموو جۆرەکانیەوە

(وتاری ئەدەبی، وتاری سیاسی، وتاری مێژوویی، وتاری کۆمەڵایەتی، وتاری ئاینیی ...هتد) بەشێکی زۆری لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان داگیر کردبوو، سەرەتای دەرکەوتنی وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زیاتر شێوازی ئەدەبی پێوە دیاربوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی وتارنووسانی ئەو قۆناغە شاعیران و ئەدیبان بوون، لە دیارترین ناوەکانی ئەو سەردەمە( پیرەمێرد، عەبدولواحید نووری ، شێخ نووری شێخ ساڵح،ئەمین زەکی بەگ،ڕەفیق حیلمی،تۆفیق وەهبی بەگ...هتد) جگە لەمانە چەندین ناوی دیاری دیکەیش بوون بەهۆی سەرڕێخستنی وتاری ئەدەبی کوردی، لە قۆناغی سەرهەڵدانیدا.

مێژوونووسانی ئەدەبی سەرەتای سەرهەڵدانی وتاری کوردی بە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە دەبەستنەوە، بێگومان وتاری ئەدەبیش وەك هەر جۆرە وتارێکی دیکە، مێژووی سەرهەڵدانی پەیوەستە بە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە، ((دوای پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری وتار پەرەی سەند و ڕەنگە لاپەرەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە "کوردستان"ە لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، یەکەم وتاری کوردی بڵاوکردبێتەو)) (بیمار، ١٩٩٦: ٢٣).

ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەیدا گرنگی بە ئەدەب داوە و وتاری تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمەش دەبێتە یەکەمین قۆناغی مێژووی دەرکەوتنی وتاری کوردی، دواتر لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێویستی کۆمەڵەوە، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە بڵاوبوونەوە، کە بایەخدان بە ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان ئامانجی سەرەکییان بوو، لێرەوە قۆناغێکی نوێی وتارنووسین دەستیپێکرد و ناوەڕۆکی وتارەکان پووختتر و بە زمانێکی سادە و ساکارتر دەنووسران. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە بە زمانی کوردی دەرچوون، کە بەشێوەیەکی بەرچاو شوێنیان بۆ ئەدەب بەگشتی و وتاری ئەدەبی بەتایبەتی تەرخانکردبوو، لەمبارەیەوە (د. محمد دلێر ئەمین) دەڵێت: ((وتاری ئەدەبی و زمانەوانی شوێنی خۆی لە ڕۆژنامەی )پێشکەوتن(دا گرتووە، ئەگەرچی ئەم وتارانە توێژینەوەی قوڵ نین و شۆڕبوونەوە نییە بەناو بابەتی زمانەوانیدا، بەڵکو زیاتر هاندان و پاڵپشتی نووسینن بە زمانی کوردی)) (محمد، ٢٠٠٣: ١٥٦). جگە لەم گۆڤارە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە گرنگیان بە وتارداوە، لەوانەش: (گۆڤاری زاری کرمانجی، گۆڤاری هاوار، گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤاری هیوا، گۆڤاری هەتاو، گۆڤاری ڕووناکی، گۆڤاری نووسەری کورد، ڕۆژنامەی بیری نوێ، گۆڤاری بەیان ...هتد) ئەمانە و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە، کە بایەخدان بە ئەدەب و بەرهەمی شاعیر و نووسەران ئامانجی سەرەکییان بووە، لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چەندین وتاری ئەدەبی گرنگ دەربارەی قۆناغە ئەدەبییەکان یاخود شاعیران و بەرهەمەکانیان بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر وتارنووسان لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بە زمانێکی تێکەڵ لە وشە و زاراوەی بێگانە وتاریان نووسیێ، ئەوا لە قۆناغەکانی دواتردا بە زمانێکی پاك و پاراوی کوردی وتارەکانیان نووسیوە و لەدوو توێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویانکردووەتەوە، ((ئەگەر زۆربەی نووسەرانی پێشوو بەهۆی کاری ڕۆژنامەگەرییانەوە وتاریان نووسیێ، بەڵام لە ساڵانی چلەکان بەولاوە، کۆمەڵێك ئەدیبی وتارنووسی بەناوبانگ لەم مەیدانەدا هەڵکەوتن جگە لە وتاری ڕۆژنامەنووسی توانیان جۆرەها وتاری ئەدەبی بنووسن، لەوانە: کامەران جەلادەت بەدرخان، ڕەشید نەجیب، پیرەمێرد، شێخ محمدی خاڵ... هتد)) (بیمار، ١٩٩٦: ٢٤).

گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە چەند قۆناغێکی جیا جیا بڵاوکراونەتەوە، هەندێکیان لە بارودۆخێکی گونجاو و کەش و هەوایەکی ئازاددا سەریانهەڵدا و تەمەنێکی دوور و درێژیان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا هەیە، هەندێکی تریشیان لە قۆناغێکی نالەبار و لە کاتی جەنگ و شەڕ و شۆڕەکاندا بڵاوکراونەتەوە، چەند ژمارەیەکی کەمیان لێدەرچووە و بە هەر هۆکارێك بێت کپکراون، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خزمەتێکی زۆریان بە کۆمەڵگا و زمان و ئەدەبی نەتەوە کردووە، بەم جۆرە وتار و جۆەکانی وتار قۆناغ بە قۆناغ پەرەیان سەندووە، بەتایبەت لەو قۆناغە مێژوویانەی کە کورد خۆی حوکمڕانی کردووە، بۆنموونە لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کورد تارادەیەك سەربەخۆ بووە، پاشانیش دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، کە ڕۆژنامەگەریی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هەربۆیە وتاری کوردیش بەهەموو جۆرەکانییەوە گەشەی سەند، بێگومان وتاری ئەدەبیش وەك یەکێك لە دیارترین جۆرەکانی وتار لەم گەشەسەند و بەرەوپێشچوونە بەدەر نەبووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەهۆی زۆری چاپ و چاپخانە و، پێشکەوتنی ئاستی خوێندەواری

و ڕۆشنبیری، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی هەیە و بەردەوامن لە چاپ و بڵاوکردنەوە، بایەخێکی زۆر بە زمان و ئەدەبی کوردی دەدەن، لە زۆربەشیاندا گرنگییەکی ئێجگار زۆر بە ژانری وتار بەگشتی و وتاری ئەدەبی بەتایبەت دەدرێت.

## ٣/١)تایبەتمەندی و پێوەرەکانی وتاری ئەدەبی:

لە ئەنجامی خوێندنەوە و سەرنجدان لەو پێناسانەی کە بۆ وتاری ئەدەبی کران، دەتوانین تایبەتمەندی و پێوەرەکانی وتاری ئەدەبی بە چەند خاڵێك دەست نیشان بکەین:

١. ناونیشان: مەرجێکی گرنگی وتارە، وەک کلیلی چونە نێو وتار سەیردەکرێت، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی وتار لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بێت، ئینجا پەیڕەوی لە ڕەگەزەکانیشی کرابێت ((وتاری ئەدەبی ناونیشانی سەرنجڕکێشی هەیە، چونکە لایەنی هونەری تێیدا بەهێزە)) (مەنتك، ٢٠١٩: ١٦١)، دەبێت وتار ناونیشانی جوان و سەرنجڕاکێش بێت و لەگەڵ ناوەڕۆکی باسەکەدا بگونجێت، کەواتە گرنگی و سەرنجڕاکێشی وتار لەوەدا دەردەکەوێت کە ناونیشان و ناوەڕۆکی وتارەکە بەتەواوی وابەستەی یەکبن، کەواتە ((مەرجەکانی سەرکەوتنی وتار لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بێت، ئینجا پەیڕەوی لە ڕەگەزەکانیشی کرابێت، کە بریتین لە پێشەکییەك وەك ڕێگە خۆشکردن بۆ چوونە ناو باسەکە، ئینجا وردە وردە بیرەکە دەخرێتەڕوو، تا لەکۆتاییدا ئەوەی نووسەر مەبەستییەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەیگەیەنێتە بیری خوێنەر)) (مستەفا، ٢٠٠٨: ٩٥). واتە دەتوانین بڵێین چۆن هەر دەقێکی ئەدەبی خاوەنی چەند بنەمایەکی تایبەت بە خۆیەتی، بە هەمان شێوە وتاری ئەدەبیش خاوەنی ئەدگار و تایبەتمەندی خۆیەتی و پێویستە وتارنووس ڕەچاوی بکات بۆ ئەوەی وتارێکی بەسوود بنوسێت.

٢. قەبارە: وتار بەگشتی پێویستە زۆر درێژ نەبێت، هەمان ئەم تایبەتمەندییە بۆ وتاری ئەدەبیش گونجاوە، یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی وتاری ئەدەبیش خۆدزینەوەیە لە درێژەدان بە نووسین.

٣. زمان: لە نووسینی هەر بابەتێکدا زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە، زمان پێوەرێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبییە، لە وتاری ئەدەبیشدا زمان گرنگییەکی زۆری هەیە، نووسەر لە ڕێی زمانەوە بیروبۆچوونەکانی دەردەبڕێت، مەرج نییە زمانی هەموو جۆرەکانی وتار وەك یەك بێت، بەڵکو بە پێی ناوەڕۆکی وتارەکان دەگۆڕێت، زمان لە وتاری ئەدەبیدا دەبێت سادە و ساکار بێت، بەڵام بە شێوازێکی ئەدەبی دابڕێژرێت، ((زمانی ئەدەبی تەنیا بریتیی نییە لە کەرەستەی هونەریی ڕەنگدانەوەی واقیع و بزواندنی هەست، زمانی ئەدەبی وەك ئامێری لە یەکتر گەیشتن خۆی دەنوێنێ)) (باراوی، ١٩٩٨: ٢٥) وتاری ئەدەبی پشت بە ڕازاندنەوە و جوانکاری دەبەستێت ، واتا بایەخدان بە ڕازاندنەوەی وشە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی وتاری ئەدەبی.

٤. پەخشانکاری: وتاری ئەدەبی دەبێ بەشێوەی پەخشان بنوسرێت، چونکە وتاری ئەدەبی ((هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشان، ئەم سیمایە جۆرە تایبەتمەندییەکی پێدەبەخشێت، کە بەشێوەی پەخشان دەنووسرێت)) (حسەین، ٢٠٠٨: ٧٤)، وتاری ئەدەبی شێوازی داڕشتنی تایبەت بە خۆی هەیە وەك داڕشتنی ژیاننامە یان چیرۆك نییە.

٥. خودێتی: یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی وتاری ئەدەبی ((لە وتاری ئەدەبیدا نووسەر ناتوانێت خودی خۆی بشارێتەوە، یان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و سۆزی کەسی خۆی نەبێت، بەڵکو وتار شوێنێکە نووسەر دەتوانێت بۆچوونەکانی خۆی لەوێدا پێشکەش بکات، بۆیە زۆرجار لە وتاردا دەزانین نووسەر ڕەخنەگرە یان تورەیە، شانازی دەکات... تاد)) (حسین، ٢٠٢٠: ١١٦). هەروەها لە وتاردا کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری نووسەر و ئەزموون و شارەزایی لە بابەتەکەدا دەردەکەوێت، بە بڕوای (أرثر بنسن) ((وتار گوزارشتێکە لە هەستی کەسی نووسەر، یان کاریگەری بابەتێکە لەسەر ڕۆح)) (رجب، ٢٠١٢).

٦. بیرۆکە: وتاری ئەدەبی بۆ داڕشتنی پێویستی بە بیرۆکەیەکی قوڵ و بەهێز هەیە، لە وتاری ئەدەبیشدا نووسەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی بابەتێکی ئەدەبی و کارلێکردنی ئەو بیرۆکەیەی لا دروست دەبێت کە وتارەکەی لەبارەوە بنووسێت، ((وتار بیرۆکەیەکە لەو بیرۆکانەی کە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وتارنووس یان نووسەری ڕۆژنامەنووسی لە ژینگە و دەووروبەرییەوە دەستیدەخات و هەر کاتێك بیرۆکەیەکیان کاری لە نووسەرەکە کرد، ئەوە لە دەروونیدا دەخەملێت کە پێویستە لەسەری بنووسێت)) (حمزة، ١٩٨٥: ١٢).

٧. چێژ: ((ئەگەرچی چێژ بنەمایەکی سەرەکی ئەدەبە بە گشتی، بەڵام وتار زۆر پێویستی بە بوونی چێژ هەیە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی چێژدانە بە خوێنەر، ئەگەر لەم تایبەتمەندییە دەرچوو ئەوا وتار نییە))(مستەفا، ٢٠١١: ١١٦)، وتاری ئەدەبی وروژاندنی هەست و سۆزی خوێنەرە، پێویستە وتاری ئەدەبی بە جۆرێك بێت کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە بێزاری و ماندوو بوون نەکات، چونکە ئامانجی سەرەکی وتاری ئەدەبی بزواندنی خوێنەرە.

٨. وەسف: یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی وتاری ئەدەبی وەسفە، لەبەر ئەوەی وتاری ئەدەبی لە خانەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەدا دێتە هەژمارکردن کە بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت، ئەوە بێگومان بۆ بەخشینی سیمایەکی ئەدەبی و چێژێکی ئەدەبی بە دەقەکە، ((جوانی وتارەکە پەیوەستە بە جوانی ئەو بیرکردنەوەیەی کە وێنای کردووە)) (شرف، ٢٠٠٠: ٢١)، پێویستە وەسف وەك هەر ڕەگەزێکی دیکەی ئەدەبی لە وتاری ئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لە بەشی یەکەم یان سەرەتای وتارە ئەدەبییەکاندا وەسف بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی باشتر ناساندنی بابەتی سەرەکی وتارەکە.

٩. شیکاری و لێکدانەوە: وەك چۆن خوێنەری دەقێکی شیعری ئاسۆی چاوەڕوانی ئەوەیە چێژ لەو دەقە شیعرە ببینێت و جوانی و ڕەگەزەکانی وەك وێنەی شیعری و زمانی شیعری و مۆسیقای شیعری ...هتد تێدا ببینێت، بە هەمان شێوە خوێنەری وتارێکی ئەدەبی چاوەڕوانی خوێندنەوەی زانیاری و شیکاری و لێکدانەوەی ئەو دەقە ئەدەبییەیە، کە وتارنووسی ئەدەبی وتارەکەی لەسەر نووسیوە، ((وتار تەنیا بیرێك وەردەگرێ و بە کورتی و خەستی بۆچوونی نووسەر پیشان دەدات)) (طه، ٢٠٠٢: ٩٧)، لەبەر ئەوە دەکرێت شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی کار لەسەرکراو بە یەکێك لە بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی وتاری ئەدەبی دابنرێت.

١٠. بابەت: وتاری ئەدەبی بابەتەکەی دیاریکراوە، بەرهەمێکی ئەدەبی یا قۆناغێکی ئەدەبی یان قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبی دەخاتەڕوو، وتاری ئەدەبی ((بەڕوونی و قسەکردن لە بارەی بابەتێکی ئەدەبییەوە دەناسرێتەوە، هەمیشە چارەسەری بۆ بابەتەکان پێیە، بۆیە نووسەری وتاری ئەدەبی بەردەوام دەبێت قسەکەر بێت، نەك فێرکار، چونکە خوێنەر لەو بارەدا دەیەوێ بەرامبەر کەسێکی ڕاستگۆ بوەستێت، نەك کەسێکی فێرکار، واتە وتارنووس ئامۆژگاریکەر نییە، بەڵکو کەسێکە جیهانبینی و تێڕوانینی خۆی لە بارەی بابەتێکی ئەدەبیەوە دەردەبڕێت)) (حسین، ٢٠٢٠: ١١٥-١١٦).

## ٤/١) وتاری ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی کوردی:

ڕۆژنامەنووسی لایەنێکی گرنگ و پڕ بایەخە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤاردا نووسەران بایەخیان پێدا و هاتەکایەوە، دەرکەوتنی بواری ڕۆژنامەنووسی لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا و لای هەر میللەتێك مانای گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەو کۆمەڵگەیەیە، چ لە لایەنی ئەدەب و زانست و زانیارییەوە بێت، چ لە لایەنی گەشەی ئابووری ئەو کۆمەڵگەوە بێت. ((ڕۆژنامەنووسی کوردی سەرەڕای درەنگ لە دایکبوونی و سادەیی لە کارەکەیدا چ لە ڕووی هونەری تەحریرەوە یان دەرهێنانەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە توانیوویەتی سوود لە وتار وەربگرێ و بەشێکی گەورە بۆ ئەو هونەرە تەرخان بکات، بێگومان مەبەستی سەرەکیش لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە وشیارکردنەوە و ڕاڤەکردن و هەواڵدانیش بووە، واتە ئامانجەکانی هەمان ئەو ئامانجانە بوون کە وتارێکی سەردەم لە پێناویدا دەنووسرێ)) (قادر، ٢٠٠٤ : ١١١). ئەگەرچی ڕۆژنامەنووسی لە ناو کورددا درەنگ دەرکەوتووە، بەڵام لایەنی ئەدەبی فەرامۆش نەکردووە، وتاری ئەدەبیش وەك ژانرێکی نوێ، یەکێك بووە لە دیارترین ژانرە ئەدەبییەکانی ناو ڕۆژنامەنووسی کوردی ((سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، شۆڕشێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەرپا کرد، شۆڕش بە مانای گۆڕینی هەمەلایەنە، لە ژانر و ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری کلاسیکی باودا تا دەگاتە بونیاتی پەخشانی هونەری زادەی ڕۆژنامەنووسی کوردییە)) (میسری، ٢٠٠٤: ٦١)، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەرەڕای ئەوەی

یەکەمین دەروازەی دەرکەوتنی وتاری ئەدەبی و بەرەوپێش بردنیەتی، هەروەها بنچینەی سەرەکی بوژاندنەوەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیشە، ((وتار بەشی زۆری جەستەی ڕۆژنامەوانی داپۆشیوە، هیچ ڕۆژنامەیەك نییە بتوانێت دەستبەرداری وتار بێت، ڕۆژنامەنووسی کوردیش هەر لەسەرتاوە کە لەلایەن ئەدیب و شاعیرانەوە بەڕێوە چووە، بە هزری ورد و وشە و دەستەواژەی ناسك و ئەندیشە و خەیاڵئامێز چەندین وتاری ئەدەبییان لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یاداشت کردووە)) (حوسێن، ٢٠٠٨: ٢٥٦) ئەگەر سەرنج لە ئەدەبیاتی کوردی بدەین، دەبینین هەموو ژانرە نوێیەکانی لە ڕێی ڕۆژنامەنووسیەوە سەریانهەڵداوە، بێگومان وتاری ئەدەبی کوردیش ژانرێکی نوێیە و بەهەمان شێوەی ژانری چیرۆك و ڕۆمان لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە سەریهەڵداوە و بگرە زیاتریش لە هەریەك لەو ژانرانەی دیکە لەنێو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا گرنگی و بایەخی پێدراوە.

بەشی دووەم: ناساندنی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)و بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبی:

## ١/٢) ناساندنی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ:

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری بەگشتی گەشە و پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەم کەش و هەوا ئازادەدا بواری ڕۆژنامەگەریش بەدەرنەبوو لە نەشونماکردن بەتایبەت لە دوای شەڕی ناوخۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بڵاوکرانەوە، کە هەندێکیان تایبەت بوون بە سیاسەت و هەندێکیشیان تایبەت بوون بە ئەدەب و ڕوناکبیری بەگشتی، هەندێکیان گشتی بوون و سەرجەم بوارەکانی دەگرتەوە، لەم سەرو بەندەدا گۆڤارێکی نوێ بە هەوڵ و کۆششی چەندین ڕۆشنبیر و ئەدیبی کورد هاتەکایەوە بە ناوی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ). گەلاوێژی نوێ بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی(گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بە زمانی عەرەبی، لە لایەن بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژەوە چاپ و بڵاودەکرایەوە، تا ئێستا ٣٧ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە، کۆتا ژمارەی کە هەردوو ژمارە ٣٦_ ٣٧ لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە لە دوای ئەو ژمارەیە گۆڤارەکە بە زمانی عەرەبی هیچ ژمارەیەکی لێ بڵاونەکراوەتەوە.) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چوارچێوەی کارکردنی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لەسەر گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)یە کە بە زمانی کوردی چاپ دەکرێت. گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕوناکبیرییە، کە (بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ) بنکەی ئەدەب و ڕوناکبیریی گەلاوێژ: ڕێکخراوێکی ڕوناکبیریی گشتییە بایەخ بە ئەدەب و فیکر و کلتوری ڕۆشنگەری دەدات، لە ساڵی ١٩٩٦ لە شاری سلێمانی دامەزراوە، ناوی بنکەکە بە ناوی (گەلاوێژ) وەک ڕێزلێنان و پێزانینێک بۆ گۆڤاری گەلاوێژی دێرین دانراوە کە مامۆستای (ئیبراهیم ئەحمەد) لە ساڵی ١٩٣٩ -١٩٤٩ لە شاری بەغداد دەری کردووە، بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ ساڵانە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ ئەنجام دەدات، (ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری فراوانە، کە تێیدا بایەخ بە بەرهەمی ئەدەبی و فیکری نووسەران دەدرێت). دەریدەکات.

گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) درێژەدان بوو بە خزمەتکردنی زیاتری ڕەوتی ئەدەبی و ڕوناکبیریی، بێگومان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی لایەنی ڕۆژنامەوانییەوە، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە هەبوون کە گرنگییان بە بواری ئەدەب و ڕوناکبیریی کورد داوە، هەمیشە ئەدەب بایەخێکی گرنگ و جێگەیەکی دیاری هەبووە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا. کە باس لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)ش دەکەین، بێگومان گۆڤارێکی دیکە هەبووە بە ناوی گەلاوێژ، کە دامەزرێنەرانی گەلاوێژی نوێ بە هیوای ئەوەی بتوانن بە هەمان ڕەوت و درێژەپێدەری ئەو کاربکەن، لەم بارەیەوە سەرنووسەری گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) لە نامەیەکدا بۆ دامەزرێنەری گۆڤاری (گەلاوێژی دێرین) دەڵێت: ((ئێمە لە کاتێکدا لەوە دڵنیاین کە ناوی گەلاوێژی دێرینمان هەمیشە لە یادی نەوەکانی میللەتەکەماندا بە زیندووی دەمێنێتەوە، خۆمان بە بەختەوەر دەزانین دوای چل و هەشت ساڵ لە ڕاوەستانی مژدەی هەڵهاتنی گەلاوێژێکی تر بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین، کە هەم وەک وەفادارییەک بۆ دەوری هەرە باڵا و کاریگەری ئەو لە خزمەتکردنی ئەدەبەکەماندا ناوی نرا "گەلاوێژی نوێ"و هەم بەو هیوایەی بتوانێ هەمان دەوری باڵا و کاریگەر لە پەرەپێدان و پێشخستنی ئەدەب و زمان و کلتوور و گشت بوارەکانی ڕووناکبیریماندا لە هەلومەرجی ئێستادا بگێڕێ)) (عارف،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٩٩٧: ٧). گۆڤاری (گەلاوێژی دێرین) خزمەتێکی زۆری ڕەوتی ئەدەب و ڕووناکبیریی کوردیی کردووە، چەندین بابەتی گرنگ و بەسودی دەربارەی ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان تێدا بڵاوکراوەتەوە، گەلاوێژی دێرین: ((گۆڤارێکی ئەدەبی و سەقافی مانگی کوردی بووە، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری، پارێزەر "ئیبراهیم ئەحمەد" و، بەڕێوەبەری ئیداری "عەلائەدین سوجادی" بووە، ژمارە یەکی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ دا دەرچووە، لە ماوەی ژیانی دا (١١٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە دوا ژمارەی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٩دا دەرچوو)) (خەزنەدار، ١٩٧٣: ٤٠)، بێگومان گرنگی هەر گۆڤارێکی ئەدەبی لە بایەخدان بە ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە هەردوو جۆری (گۆڤاری گەلاوێژی دێرین و گۆڤاری گەلاوێژی نوێ)یش لەم بوارەدا دەورێکی بەرز و باڵایان بینیوە. گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) وا خۆی ناساندووە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕوناکبیرییە، ئەم ناساندنەش لە جێی خۆیەتی، چونکە گرنگی بە هەردوو بواری ئەدەبی و ڕووناکبیریی داوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو زیاتر گرنگی بە بواری ئەدەب داوە و بڵاوکراوەکانی ناوی زیاتر بابەتە ئەدەبییەکانە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بە زۆری لە نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کورد پێک هاتوون و، زیاتر گرنگی و بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدەن، گومانی تێدانیە هەر گۆڤارێک بە پێی بڵاوکراوەکانی ناوی دەناسرێت، گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)ش بەهۆی زۆری بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ناوی دەتوانین زیاتر بە گۆڤارێکی ئەدەبی لە قەڵەم بدەین، (د. عزة بدر) بەم جۆرە گۆڤارە ئەدەبییەکانی ناساندووە و دەڵێت: ((گۆڤارە ئەدەبییەکان بە گشتی ژینگەیەکی ڕۆشنبیرین کە بۆچوونەکانی تێیدا هاوبەشن و ڕۆشنبیران بە بەرژەوەندی خۆیانەوە گرێ دەدەن)) (بدر، ٢٠١٦: ١٠)، کەواتە لەنێو گۆڤارە ئەدەبییەکاندا نووسەران و ڕۆشنبیران گفتوگۆ و بیر و بۆچوونەکانیان دەربارەی ئەدەب و بابەتە ئەدەبییەکان دەخەنەڕوو. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بکەین و بڵێین: گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، گۆڤارێکی ئەدەبی ڕووناکبیریی کوردییە کە چەندین نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیری بە توانای لە دەوری خۆی کۆکردوەتەوە و بەمەش بووەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان، کە لە هەردوو بواردا خزمەتێکی زۆری بەلایەنی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی و هەروەها بە خوێنەرانی بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان کردووە.

## ٢/٢) دروشمی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ:

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بە دروشمی (ئازادی، داهێنان، ئەقڵانییەت) یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەی بڵاوکردووەتەوە.

دروشمی ئازادی: کە گوزارشتە لە ئازادی بیروڕای نوسەر لە گۆڤارەکەدا، نووسەران و ئەدیبانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ئازاد بوون لە دەربڕینی هەر بیر و بۆچونێکی ئەدەبی و فیکری گونجاو سەبارەت بەو بابەتە ئەدەبی و فیکریانەی کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، واتە نووسەران نەخراونەتە ناو چوارچێوە و هەلومەرجێکی بەرتەسکی دەربڕینەوە.

دروشمی ئازادی: زۆر کایەی ژیان دەگرێتەوە چ لایەنی سیاسی بێ یان ئاینیی یان ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، ئازادی لە دەربڕینی بیر و بۆچونی نووسەران دەربارەی بابەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا دەرگایەکی فراوانی لە بەردەم نووسەران و ڕۆشنبیران کردەوە، تاکو چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گرنگ و پڕ بایەخ لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەدا بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئەو ئازادییەی گۆڤارەکە بۆ نووسەرانی خوڵقاندبوو بەدەر بووە لە ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی هەرکەس و لایەنێک، واتا نووسەران ئەو ئازادییەیان نەبووە کەکێشە شەخسییەکانیان بهێننە ناو بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان و لە گۆڤارەکەدا بڵاوی بکەنەوە.

جگە لە دروشمی ئازادی، دروشمی (داهێنان و ئەقڵانییەت) دوو دروشمی سەرەکی گۆڤارەکە بوون، داهێنان وەک چەمکێک لە بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا وەک نوێگەرییەک دەردەکەوێت، کاتێک نووسەر بەرهەمێکی نوێ یاخود دەقێکی نوێ یان شیعرێک یاخود هەر چەشنە بابەتێکی تری ئەدەبی دەنوسێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا داهێنانە لە هەریەک لەو بوارانەدا، نووسەران و ئەدیبان و سەرجەم ئەوانەی بەرهەمیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە، چەند بەرهەمێکی نوێیان لە (شیعر و چیرۆک و ڕەخنەو لێکۆڵینەوە و....) داهێناوە، بەمەش خەرمانی ئەدەبی کوردی و لایەنی ڕووناکبیریی کوردیان زیاتر بەرەکەتدار کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە داهێنان بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا،

لایەنێکی گرنگ و دیاری گۆڤاری (گەلاوێژی دێرین)یش بووە، ((گەلاوێژ ئەو زەمینە لەبارە بوو، تۆوی داهێنانی کردە داری بەرداری ئەدەبی کوردی و لە ئامێزیدا، چەپکێ قەڵەم گەشانەوە، هەروەها بووە ئیلهام بەخشی زۆری تر، کە لە ڕۆژگاری دواتردا بەو عەشقەوە بەرەو مەیدانی ڕۆژنامەگەری و چیرۆکنووسین و ئەدەبیات بەڕێ کەوتن)) (ئەمین، ١٩٩٧: ٩٧)، (گەلاوێژی نوێ) بەو ئازادییەی کە بۆ نوسەران و ئەدیبانی فەراهەم کردبوو توانرا چەندین داهێنانی ئەدەبی لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا بهێننە نێو ئەدەبیاتەوە، لای هەمووان ڕوونە کە نووسەران و ئەدیبان بە گشتی لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا چینێکی دیاری کۆمەڵ و داهێنەرێکی کارامەی بواری ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری بوون و چەندین داهێنانیان لە بواری ئەدەبی و ڕووناکبیریدا هێناوەتە کایەوە.

ئەقڵانییەت وەک دروشمێکی دیکەی گۆڤارەکە، لە پاڵ هەریەک لە دروشمی (ئازادی و داهێنان)دا هاتووە، ئەقڵانییەت بە واتای ئەوەی کە نووسەران و ڕۆشنبیران ئەقڵ بکەنە بنەمای سەرەکی داهێنانە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان، بەمەش دەبینین ئەقڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە داهێنانی بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی گۆڤارەکەدا. گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بە هەرسێ دروشمی (ئازادی، داهێنان، ئەقڵانییەت) هاتە مەیدان و یەکەمین ژمارەی بەو دروشمە بڵاوکردەوە، لە (زریوەی گەلاوێژی نوێ)و لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا، سەرنووسەری گۆڤارەکە دەڵێت: ((گەلاوێژی نوێ... لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، دەستەبەری بێ قەیدی ئازادی و داهێنانی دوور لە گۆشەی حیزبی و گوشاری ئایدۆلۆژی دەکا و دەربەستی بۆچوونی ئەقڵانی دەبێ)) (عارف، ١٩٩٧: ٥)، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەکۆی (٧٠) ژمارەی گۆڤارەکە، کە تائێستا دەرچووە، تەنها لەژمارە (١ بۆ ٣١)ی گۆڤارەکە، دروشمی (ئازادی، داهێنان، ئەقڵانییەت) لە بەرگی ناوەوەی گۆڤارەکەدا ئاماژەی پێکراوەو، بەڵام لە ژمارە (٣٢) تا کۆتا ژمارەی ئێستای کە ژمارە (٧٠)یە، هیچ کام لەو دروشمانە نەنوسراوە، بەڵام بەسەرنجدان لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکە ئەگەرچی لەو ژمارانەشی کە دروشمەکان نەنووسراوە، دەبینین بەهەمان دروشم و ڕەوت تا ئێستاش بەردەوامە، نووسەران ئازادن لە بڵاوکردنەوەی داهێنانی ئەدەبی و ڕووناکبیریی و بیروبۆچوونی ئەقڵانییەت.

## ٣/٢) چوارچێوەی کارکردنی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ):

گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) لەبەرئەوەی لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەوە خۆی بە گۆڤارێکی (ئەدەبی و ڕووناکبیریی) ناساندووە، بۆیە بابەتەکانی ناوی بە گشتی بریتین لە بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان، بە زۆریش بابەت و بڵاوکراوەکانی بابەتە ئەدەبییەکان بوون، چونکە ((گۆڤاری گەلاوێژی نوێ لە کۆی گشتی ژمارەکانیدا چوار سەرنووسەری هەبووە، هەر چوار سەرنووسەرەکە کەسانی بە توانان لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا، بەڵام هەر چواریان زیاتر لەکاری ئەدەبیدا جێ دەستیان دیارە و ئەدیب و شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبین، کەواتە دەستەی ئەدیبەکان باڵا دەستبوون لە سەرنووسەریدا، هەر ئەمەش وایکردووە گۆڤارەکە تا ڕادەیەک بەلای کایەی ئەدەبیدا بشکێتەوە)) (تاتانی، ٢٠٢٢: ٤٥)، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی بواری ئەدەب و ڕووناکبیریی هاتەکایەوە، گەلاوێژی نوێ بایەخێکی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە و، چەندین بابەتی ئەدەبی گرنگ و پڕبایەخی تێدا بڵاوکراوەتەوە، سەرجەم بابەتەکانی نێو گۆڤارەکە بە شێوازێکی جوان دارێژراون کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکانی هەست بە بێزاری ناکات، بەڵکو بە خوێندنەوەی چەند دێڕێکی بابەتێک ئارەزووی ئەوە دەکات تا کۆتایی بابەتەکە لە خوێندنەوە بەردەوام بێت.

ئەو بابەتە ئەدەبییانەی کە لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)وە بایەخی پێدراوە، خۆی لە (شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی...)دا دەبینێتەوە، بەگشتی گۆڤارەکە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی سەرجەم بابەتە ئەدەبییەکان داوە و لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەدا کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی گرنگ و بە بایەخ لەلایەن نووسەر و شاعیرانەوە بڵاوکراونەتەوە. سەرجەم بابەتەکانی نێو گۆڤارەکە بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراون، لەوانەش تەوەری (شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوە، گەشتی ڕووناکبیریی...)، مەرجیش نییە سەرجەم تەوەرەکان لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا بە بەردەوامی هەبن، بەڵکو لە هەندێ ژمارەدا هەندێک لەو تەوەرانە نەهاتوون، بۆ نموونە (شیعر و چیرۆک) کە دوو بابەتی ئەدەبی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخ بوون لە گۆڤارەکەدا، بەڵام لە ژمارە (٦)ی گۆڤارەکەدا هیچ کام لەم دوو تەوەرە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەهاتوون، واتە لەو ژمارەدا هیچ شیعر و چیرۆکێک بڵاونەکراوەتەوە.

بە گشتی چوارچێوەی کارکردن لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا، هەردوو بواری ئەدەبی و ڕووناکبیریی دەگرێتەوە، ئەوانیش دوو جۆرن:

_ جۆرێکیان ئەو بابەتە ئەدەبی و ڕوناکبیرییانەن، کە شاعیران و نوسەران و ئەدیبانی کورد نوسیویانن، واتە نووسەرەکانیان کوردن.

_ جۆری دووەمیان ئەو بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیریانەن، کە بە زمانی بێگانە نووسراون و لەلایەن وەرگێڕە کوردەکانەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. بابەتە وەرگێڕدراوەکانی (شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوە) لە گۆڤارەکەدا بایەخێکی زۆری هەبووە و هەیە(بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتی نووسەران و شاعیرانی کورد و هەروەها بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ناو گۆڤارەکە کە لەلایەن وەرگێڕە کوردەکانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بڕوانە: شۆڕش محەمەد حسێن، (٢٠١٣)، بیبلۆگرافیای ٦٠ ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، چاپخانەی گەلاوێژ، ،سلێمانی.)، ئەمەش لە دوو ڕووەوە گرنگی و بایەخی هەبووە لە لایەک بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی نێو گۆڤارەکە، لە لایەکیش بۆ نوسەران و ئەدیبانی کورد بەسودە، چونکە دەبێتە هۆی ئاشنابوونی نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەران بە کلتوور و ئەدەبیاتی بێگانە و سوود وەرگرتن لێیان بۆ خزمەتکردنی لایەنی ڕووناکبیریی و ئەدەبی نەتەوە و بەرەوپێشبردنی، چونکە ((وەرگێڕان وەکو کردەیەکی داهێنانی و مرۆڤی، تەنیا گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر نییە، بەڵکو گواستنەوەی شارستانییەتێکە بۆ شارستانییەتێکی تر، واتە گواستەوەی کەلتور و شارستانییەت و فیکرە، ئاشکرایە ناتوانین ڕۆڵێ وەرگێڕان لە پێشخستنی شیعر و پەخشان و زمانی کوردی لەبەر چاو نەگرین بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا، کە شەپۆلێکی فراوانی جیهانگیریی لە گۆڕێدایە)) (حسین، ٢٠٢٠ :١٣٨).

بۆیە دەبینین گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی نووسەران و ئەدیبانی کورد، گرنگییەکی زۆریشی بە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی بێگانە داوە، هەروەک لە سەروتاری ژمارە (١٤)ی گۆڤارەکەدا هاتووە کە لەلایەن جێگری سەرنووسەری ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە (عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی)یەوە نوسراوە: ((گەلاوێژی نوێ بۆ کارکردن بۆ ئەم مەبەستە، کاتی دابەشکردنی بابەتەکانی لە پاڵ هەر بابەتێکی خۆماڵییا، بابەتێکی وەرگێڕدراو بڵاودەکاتەوە: ئەمەش لە یەک کاتدا دووشتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: یەکەمیان ئاستی ڕووناکبیریی خۆمان لەچاو ڕووناکبیریی جیهاندا، دووەمیش ڕەنگ و بۆی بەرهەمی ڕۆشنبیریی کەسانی ترمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ڕەنگە ئەمە یەکەم جاریش بێت گۆڤارێکی کوردی لە دابەشکردنی بابەتەکانا وابکات، ئومێدەواریشین هیچ لایەکمان، ڕۆژنامە بێت یان گۆڤار لایەنی وەرگێڕان فەرامۆش نەکەین)) (بەرزنجی، ١٩٩٩ : ٣). بەمجۆرە دەبینین گۆڤارەکە لەپاڵ بڵاوکردنەوەی بابەتە خۆماڵییەکاندا بایەخی بە وەرگێڕانیش داوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش چوارچێوە و بواری کارکردن لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا گەلێ فراوانە و بەگشتی هەردوو لایەنی ئەدەبی و ڕووناکبیریی لە خۆگرتووە: لەلایەنە ئەدەبییەکەوە ئەم بوارانەی گرتوەتەوە: (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ، ڕەخنەی ئەدەبی، وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) بەمەش گۆڤارەکە بووەتە مەیدانێکی فراوان بۆ شاعیران و ئەدیبانی کورد و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، هەروەها ئاشنابوونیان بە بەرهەمی یەکتر.

لە لایەنە ڕوناکبیرییەکەشەوە، (سیامەند هادی) سەرنووسەری نوێی گۆڤارەکە دەڵێت: ((گەلاوێژی نوێ سەکۆیەکی ئازادە بۆ هەموو نووسەرێک و دەروازەیەکی واڵایە بۆ هەموو ئەو دەنگانەی دەیانەوێت خزمەت بە بواری ڕۆشنبیریی بکەن)) (هادی، ٢٠٢١: ٥). بۆیە دەبینین لە لایەنی ڕوناکبیرییەوە هەریەک لە بوارەکانی (فەلسەفە، مێژوو، هونەر، دیدار و چاوپێکەوتن، مێزگرد، گەشتی ڕووناکبیریی، دۆسییە، یاداشت و یادەوەری، ئامار...هتد) دەگرێتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بۆ (٦٤) ژمارەی گۆڤارەکە، بەڵام لە پاش چەند ساڵێک وەستان و دووبارە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بە ژمارەی نوێ، چوارچێوە و بواری کارکردنیش تا ڕادەیەک گۆڕاوە بە زۆری خۆی لە (وتار و لێکۆڵینەوە و شیعر و چیرۆک و دۆسیەی ژمارە)دا دەبینێتەوە، هەروەک سەرنووسەری نوێی گۆڤارەکە (سیامەند هادی) لە سەروتاری ژمارە (٦٥)ی گۆڤارەکەدا دەڵێت: ((لە سەرەتادا وا بڕیارە بۆ ئامادەکردنی ژمارەکان، لێکۆڵینەوە و وتار و خوێندنەوەی کتێب وەربگرین، بەڵام بۆ چیرۆک و شیعر خۆمان داوا لە نووسەران دەکەین. هەوڵیش دەدەین زیاتر گرنگی بە بواری لێکۆڵینەوە و وتار و دۆسیەی تایبەت بدەین بۆ ناساندنی نووسەری جیهانی، هەست دەکەین زیاتر پێویستمان بەو لایەنە هەیە، بۆ ئەوەی برەو بە بواری بیرکرنەوە و ڕەخساندنی کەشێکی ڕووناکبیریی

بدەین)) (هادی، ٢٠٢١: ٥). بەمجۆرە دەبینین گەلاوێژی نوێ لە هەردوو کایەی رۆشنبیری و ئەدەبیدا دەورێکی باڵای هەبووە و خزمەتێکی زۆری هەر دوو بواری کردووە، بەم هۆیەشەوە هەر دوو بواری رۆشنبیری و ئەدەب بەرەوپێشچوونێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەمەش لە کاتێک دایە کە رۆژنامەنووسی کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە خزمەت ئەو دوو رەوتە گرنگەدا بووە و هەمیشە دەرگای رۆژنامەنووسی بە رووی شاعیران و نووسەران و رۆشنبیراندا واڵا بووە تاکو بتوانن لەو دەلاقەیەوە برەو بە هەردوو بوارەکە بدەن.

## ٤/٢) مێژووی دەستپێکردنی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ):

ناوەڕاستی ساڵانی (٩٠)ەکانی سەدەی پێشوو، کە شەڕی ناوخۆی کورد، کە بە شەڕی (براکوژی)ش ناودەبرا، لە ئارادابوو، کاریگەرییەکانی شەڕ بووە هۆی ناسەقامگیری بۆ میللەتی کورد، کاریگەری بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانەوە دیاربوو، لایەنی رۆژنامەگەریش لەم کاریگەرییە بە دەرنەبوو، کە ئەمەش پەیوەندی بەو بارودۆخە سیاسییەوە هەبوو، هەروەها ئەو بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی تا رادەیەک رۆشنبیران و نووسەران لێک دابڕێن، بەمەش چالاکی و کارە ئەدەبییەکان رووی لە کزی کرد، بۆیە کۆمەڵێک رۆشنبیر و ئەدیب و نووسەر بیریان لە دامەزراندنی بنکەیەکی ئەدەبی و رووناکبیری کردەوە، بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندێک بۆ نووسەران و رۆشنبیران و ئاوڕدانەوە لە بواری ئەدەب و رووناکبیری کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە رووی لە کزی کردبوو. ئەوەبوو لە ((ساڵی ١٩٩٦ز دوای گەرمەی شەڕی ناوخۆ، بیرۆکەی دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبی بە ناوی "بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ" لە لایەن هەڤاڵ مەلا بەختیار بەرپرسی رێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەوسای (ی. ن. ک) گەڵاڵە بوو، ئەویش بە مەبەستی کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بوو بەڕووی نووسەران و بەهرەمەنداندا و کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر بوو بۆ ئازادی داهێنان و ئازادی قەڵەم)) (نورەدین، ٢٠١٨ :١٢).

لەپاش دامەزراندنی "بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ" ئەندامانی بنکە و کۆمەڵێک ئەدیب و رۆشنبیری دیکە بیریان لە دامەزراندنی گۆڤارێک کردەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و فیکرییەکانی شاعیران و نووسەران و ئەدیبان، ((بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو ئەدیب و نووسەرانە لە بینای یانەی "ئۆلۆمپی کوردستان" بوو کە بەڕێز کاک مەلا بەختیار سەرۆکی بوو، هەرخۆیشی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەرانی ناسراو تیایدا بەشداربوون لەوانە بەڕێزان: فوئاد مەجید میسری، محەمەد فەریق حەسەن، ئازاد بەرزنجی و))هتد٠ (نورەدین، ٢٠١٨: ١١).

بەمجۆرە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی نووسەران و رۆشنبیران لەو بارودوخە نالەبارەدا بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ درا، هەر لەو ماوەیەدا لە لایەن ئەندامانی بنکەوە بڕیاری رێکخستنی فیستیڤاڵێکی ئەدەبی و روناکبیری درا، بە ناوی "فیستیڤاڵی گەلاوێژ" فیستیڤاڵەکە لە مانگی ١٩٩٦/١٢ز سازدرا، بوو بە ئاسۆیەک بۆ نوسەران و رۆشنبیران لە دوای ئەو فیستیڤاڵە بە تەواوی بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ درا وەک لە سەروتاری ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا هاتووە ((دوای ئەوەی فیستسڤاڵی گەلاوێژ بە لایەنی گەش و خامۆشیەوە هەتا رادەیەک بوو بە هەوێنی هەستمان، ئیدی لێبڕاین کاری "ئەدەبی– روناکبیری" بکەین، چیتر بەو دڕدۆنگیەی گیرۆدەی بووین، قایل نەبین. کەچی سەرەڕای ئەوەیش، لە سازدانی فیستیڤاڵەوە هەتا ئێستا چوار مانگی کێشا ئینجا توانیمان گەلاوێژی نوێ بخەینە سەر رەوت، خستنەسەر رەوتێکی بەشێنەیی لێکدراوی راستگۆیانەی خەم خواردنی گۆڤارێک کە تەنها ژمارەی گۆڤارە کوردییەکان زیاد نەکات!)) (عارف، ١٩٩٧: ٥)، بەڵکو ببێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ نووسەران و رۆشنبیران لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری بواری ئەدەب و روناکبیری.

گۆڤارەکە لە بارودۆخێکی نالەباری رۆژگاردا دامەزرا، وەک (سیامەند هادی) لە سەروتاری ژمارە (٦٥)ی گۆڤارەکەدا باس لەو بارودۆخە دەکات کە گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ"ی تێدا دامەزراوە و دەڵێت: ((لە بارودۆخێکی دژوار و کەشێکی پڕ لە نائومێدیدا، شەڕی ناوخۆ و خراپی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ دووبەرەی جیاواز و پەرتەوازە بوونی روشنبیران و هونەرمەندان لە نێوان ئەو دوو بەرەیە و دەرەوەی ئەو بەرەیەدا، گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ" لەو کەشە ناهەموارەدا لەدایک بوو، بۆ ئەوەی ئومێدێک ببەخشێتە ئەو بارودۆخە و رۆشنبیران و هونەرمەندان لە دەوری پرۆژەیەکی رۆشنبیری کۆبکاتەوە)) (هادی، ٢٠٢١: ٥)، بەمجۆرە گەلاوێژی نوێ بە هەوڵ و کۆششی

خەمخۆرانی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی بڕیاری دامەزراندنی دراو، یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە لە مایسی ساڵی ١٩٩٧ لە دوو توێی (٢٠٠) لاپەڕە بە چەند بابەتێکی گرنگ بڵاوکرایەوە، کە بریتیی بوون لە (زریوەی گەلاوێژی نوێ، نامەیەکی وەفاداری لە گەلاوێژی نوێوە بۆ گەلاوێژی دێرین، دیدار، لێکۆڵینەوە، ئامار، وتار، شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، بەڵگەنامە و گەشتی ڕوناکبیریی) لە کۆتایی ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا مەرج و ڕێنمایی بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک بۆ نووسەران خراوەتە ڕوو.

یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە وەک بەشێک لە مێژووی گۆڤارەکە، بەم شێوەیە بوو:

_ خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین

_ سەرنووسەر: حسێن عارف

_ سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی

_ دەستەی نووسەران: د. ظاهر لطیف، عبدالله طاهر بەرزنجی، لطیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە.

_ پسپۆڕی هونەری: ئیسماعیل خەیات

_ نەخشە سازی: عبدالحسین عبدالله.

بەم جۆرە گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ" وەک گۆڤارێکی "ئەدەبی و ڕووناکبیریی" لەسەر هەمان ڕەوت و ڕێبازی گەلاوێژی دێرین بەڵام لە قۆناغێکی نوێ و بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی بواری ئەدەب و ڕووناکبیریی هاتە نێو مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆڵێکی کارای هەبووە و هەیە، لە پێش خستنی بواری ئەدەبی و ڕووناکبیریی، بووە جێی دڵخۆشی و مایەی شانازی زۆرێک لە نووسەر و ڕۆشنبیر و خوێنەران، هەر وەک لە یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە و لە وتارێکدا بەناونیشانی (لە گۆشەنیگای گەلاوێژەوە)، (جەمال شارباژێڕی) بەمجۆرە لە گۆڤارەکە دەدوێت و دەڵێت: ((گەنجینەی بەرهەمی ڕەنجی چەندەها ئەدیبی بە ئەمەکی خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەی دوێنێمان دەبینم، وەک مامۆستایان بلە و سەجادی و یوسفی و گۆران و شاکر فەتاح ، ع ح ب و کێ و کێ و کێ، ئەمڕۆش پێشەنگانی نەوەی نوێی ئەوان لە گەلاوێژی نوێدا دەبینم، کە خۆشتان دەبینن بنکەیەک_ بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ کە بە هەوڵ و کۆششی خەمخۆران و دڵسۆزانی وشەی پیرۆز و ڕەسەنی کوردی هاتە ژیانەوە چاوێکی گەشی هەیە و ئاسۆیەکی ڕووناکی مژدە بەخشی ساماندارى پێ دەبینێ ئەو چاوەش ناوی لێ نراوە گەلاوێژی نوێ...)) (شارباژێڕی، ١٩٩٧: ٨٦) بەم جۆرە گەلاوێژی نوێ لە مێژووی پڕبایەخی تەمەنیدا چەندین بابەتی گرنگی لە خۆ گرتووە، هەروەها چەندین نووسەر و ئەدیب و شاعیر و ڕووناکبیریی بە ئەزموونی بە خوێنەران و ئەدەبدۆستان ناساندووە، هەروەها بووە مەڵبەندێک بۆ زۆرێک لەو نووسەر و شاعیرانە تاکو لە دوو تووێی لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە.

## ٥/٢) بەرجەستەبوونی وتاری ئەدەبی لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا:

بەشێوەیەکی گشتی لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا گرنگییەکی زۆر بە وتار دراوە، چەندین وتاری هونەری و مێژوویی و ئاینیی و زانستی و ئەدەبی و...هتد بڵاوکراونەتەوە، کە بەشێکی ئەم وتارانە لە لایەن نووسەرانی کوردەوە نووسران و بەشێکی دیکەیان وتاری وەرگێڕدراون و وەرگێڕە کوردەکان لە زمانی بیانییەوە وەریان گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەدا (١٨٨) وتار بڵاوکراوەتەوە، لەو ژمارەیە (٨٠) وتاریان بە زمانی کوردی نوسراون، (١٠٨) وتاریشی وتاری وەرگێڕدراون کە لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی... وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، لە نێو گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا لە پاڵ گرنگییدان بە سەرجەم بابەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان، گرنگییەکی زۆر بە وتار دراوە، لە هەمان کاتیشدا وتاری ئەدەبی بایەخێکی یەکجار گرنگی پێدراوە و چەندین وتاری ئەدەبی دەربارەی (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، بەرهەم و ژیانی شاعیران)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە بە زمانێکی ئەدەبی و وشە و دەستەواژەی جوان و پڕ بایەخ وتارەکان داڕێژراون، بەشێکی وتارە ئەدەبییەکانی ناو گۆڤارەکە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراون، خوێنەران بە ئاسانی لە واتای وشەکان و مەبەستی وتار نووسەکە دەگات.

بەشێکیشان بە زمانێکی ئەدەبی باڵا نووسراون، کە ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری نووسەر و باگگراوندە ئەدەبی و زمانەوانییەکەیەوە هەیە، هەندێک لە نووسەران بەهۆی شارەزاییان لە زمانی بێگانە چەندین وشە و دەستەواژەیان لە وتارەکانیاندا بەکارهێناوە، کە زۆرێک لە خوێنەران بۆ واتاکەی دەبێت بگەڕێنەوە سەر فەرهەنگی زاراوەکان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین نووسەر و ئەدیبی بە توانا و شارەزا لە بواری ئەدەبیاتدا وتار و لێکۆڵینەوەیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردووەتەوە.

بابەتەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ نوێ) بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراون، لە هەندێ ژمارەدا هەردوو تەوەری وتار و لێکۆڵینەوە بە یەک تەوەر دانراوە و لە هەندێ ژمارەی دیکەیشدا بەجیا تەوەری وتار و لێکۆڵینەوە دانراون، (ڤژان نەعمان) لە نامەی دوکتۆراکەیدا کە دەربارەی (ڕۆژنامەگەری ئەدەبییە لە باشوری کوردستان) بۆ ئەم مەبەستەیش هەردوو گۆڤاری (پەیڤ) و (گەلاوێژی نوێ)ی وەک نموونە وەرگرتووە، سەبارەت بە تەوەری وتار و لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ((لێکۆڵینەوە و وتار لە ژمارەکانی سەرەتادا بە دوو تەوەر دانراوە، بەڵام لە ژمارە ١٤-٣٠ بە تێکەڵی دانراون، ئەم تەوەرە لێکۆڵینەوە و وتاری زانستی، فەلسەفی، شێوەکاری، زمانزانی، مێژوویی، خوێندنەوە و پێداچوونەوەی پەرتووک و وەرگێڕان لەخۆدەگرێت)) (حەجی، ٢٠١٤: ٢٥)، بەڵام بە سەرنجدانمان لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ گەشتین بەو ئەنجامەی کە تەنها لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا تەوەری وتار و لێکۆڵینەوە بە دوو تەوەری جیا دانراون، کە ئەمەش بۆ خوێنەر بەرچاو ڕوونییە و بە ئاسانی بابەتەکانی وتار و لێکۆڵینەوەی بۆ جیادەکرێتەوە، بەڵام لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەوە تا ژمارەی کۆتایی کە ژمارە (٧٠)یە هەردوو تەوەرەکە بەیەکەوە دانراون. لە هەندێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا لەو لاپەڕەیەی کە وتار یان لێکۆڵینەوەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لە گۆشەی سەرەوەی لاپەڕەکەدا ئاماژە بە جۆری بابەتەکە کراوە کە ئایا وتارە یان لێکۆڵینەوە، لە کۆی ئەو وتارانەی کە لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە (٧٠) وتاریان ئەدەبین کە لەو ژمارەیەش (٤١) وتاریان لە لایەن نووسەرانی کوردەوە نووسراون، (٢٩) وتاریشیان لە لایەن وەرگێڕە کوردەکانەوە لە زمانە بیانییەکانەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، واتا لە گۆڤارەکەدا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی وتاری ئەدەبی بە زمانی کوردی گرنگییەکی زۆر بە وەرگێڕانی وتاری ئەدەبی بیانیش دراوە، کە ئەمەش دەستپێشخەرییەکی گرنگە لە گۆڤارەکەدا لە لایەک بۆ ئاشنابوونی نووسەران و ڕۆشنبیران بە ئەدەبی بێگانە، لە لایەکیش بۆ سوود وەرگرتن لە شێوازی نووسین و داڕشتنی وتارەکان.

سەرجەم وتارە ئەدەبییەکانی نێو گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بە پێی ئەم خشتەیە دەخەینەڕوو:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

| نووسەر | وتاری ئەدەبی | ژ.گۆڤار | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| محمد دلێر ئەمین | گەلاوێژ و مێژوو و بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، چەخماخەی داهێنان | ١ | ١٩٩٧ | ٩٢ |
| ڕەووف بێگەرد | بەبۆنەی دوا کۆچی شاعیری گەورەی مەکسیک (ئۆکتاڤیۆ پاز)ەوە، خامۆشی خۆر لە تووناو توونی تەنیاییدا | ٩ | ١٩٩٨ | ٥٤ |
| هاوڕێ محمد | کێ ڕاست دەکات: (حەسیب قەراغی) یان (ڕەئوف حەسەن)؟ | ١١ | ١٩٩٨ | ١٤ |
| ن: میشیل فۆکۆ<br>و. لەتیف هەڵمەت | بونیادگەریی و شیکردنەوەی وێژەیی... | ١٢_١٣ | ١٩٩٩ | ١٠ |
| عادل گەرمیانی | ڕۆلان بارت و خوێندنەوەی دەق | ١٢_١٣ | ١٩٩٩ | ١٧ |
| فوئاد تاهیر سادق | وێژە چاکە، زانست چاکترە | ١٤ | ١٩٩٩ | ١٤٥ |
| غولامی گوڵ ئاور | ئەلبومێک لە وێنەکانی دە ساڵ مەرگ و ژیان، لە وڵاتێکی تاعوون لێدراودا | ١٥ | ١٩٩٩ | ١٤٢ |
| ن: رامان سیلدن<br>و. سالار محمود | ستانلی فیش: تاقیکردنەوەی خوێنەر | ١٥ | ١٩٩٩ | ٢٠٦ |
| عەزیز سلێمان | وەهمەکانی نوێگەری لای ئەدۆنیس و عەلی حەرب | ١٦ | ١٩٩٩ | ١٩٤ |
| ن: د. فاتح عبدالسلام<br>و. هەردی محمد ڕەسوڵ | کاریگەریی ڕەوتە ئەدەبییە گەورەکان لەسەر زمانی ئاخاوتن لە چیرۆک و شانۆدا. | ١٦ | ١٩٩٩ | ٢٠٤ |
| عەتا قەرەداغی | وتاری هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوە | ١٧_١٨ | ٢٠٠٠ | ١٨ |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی شیعر | ١٧_١٨ | ٢٠٠٠ | ١٣٥ |
| ڕەووف بێگەرد | وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆک | ١٧_١٨ | ٢٠٠٠ | ١٩٣ |
| ڕەووف عوسمان | کێشەکانی ڕەخنەی بونیادگەری | ١٩ | ٢٠٠٠ | ٤ |
| ن: میلان کۆندێرا<br>و. ئاوات ئەحمەد | لە شوێنێکدا، لەوێ... | ١٩ | ٢٠٠٠ | ٥٠ |
| ن: د. مستەفا ماهر<br>و. ساماڵ محمود | (گۆتفریدبن)و جیهانە شیعرییەکەی | ١٩ | ٢٠٠٠ | ٢٤٠ |
| کەژاڵ ئەحمەد | سەحەر ڕەسایی... ئەو بەهرەمەندەی پێدەچێ خوشکی شەهرەزاد بێت! | ٢٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٧ |
| مەلا سەعید زمناکۆیی | پەیوەندی (مەولەوی) لەگەڵ (خەلیفە کەی خوسرەو)و ئاڵوگۆڕی شیعری نێوانیان | ٢١ | ٢٠٠٠ | ١٣٧ |
| ن: جەلال زەنگابادی<br>و. هامون زێباری | ئەمە ڕەخنەیە یان هەرەزەوێژی؟ | ٢١ | ٢٠٠٠ | ١٦٦ |
| محمد علی قەرەداغی | مامۆستا محمد حەسەنی عەلائی | ٢٥ | ٢٠٠١ | ٨٣ |
| ن: جیرمی هاوثورن<br>و. محمد کەریم | مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم: ڕۆمان و تیۆری ئەدەبی | ٢٦ | ٢٠٠١ | ١٢١ |
| ن: ئۆکتاڤیۆ پاز<br>و. ئەیوب ڕەزا | گێڕانەوە و ستران | ٢٦ | ٢٠٠١ | ١٤٠ |
| شیرین لەتیف هەڵمەت | هەڵوەشاندنەوە: عەلامەتەکانی دریدا بڕینی نادیار، خوێندنەوەیەکی شاراوەکانی دەق | ٢٦ | ٢٠٠١ | ١٤٦ |
| و. ئاوات عەبدوڵڵا | فەرەیدونی موشیری، ئەو کەسەی جگە لە خۆشەویستی هیچی تری نەوت.. | ٢٦ | ٢٠٠١ | ٢٣٠ |
| و. ئەرخەوان | زانگ جیی: کە بەشی یەکەمی ڕۆمانی (بێ وشە)م تەواوکرد دەستمکرد بەگریان | ٢٧_٢٨ | ٢٠٠٢ | ١٢٥ |
| محمد کوردۆ | شیعر و تەئویل، خوێندنەوەیەک بۆ شیعری ئەدۆنیس | ٢٧_٢٨ | ٢٠٠٢ | ١٣٣ |
| پشکۆ نەجمەدین | درەختێک لە تیشک... زمانێک لە زەریا! | ٢٧_٢٨ | ٢٠٠٢ | ١٣٧ |
| لەتیف هەڵمەت | پانتایی ... پانتاییەکانی دەق | ٢٩ | ٢٠٠٢ | ٢٦٩ |
| حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ | (شاعیر و شارستانێتی) تێڕوانینێ بۆ سەردەم | ٣٤ | ٢٠٠٤ | ٩ |
| ن: د. عبدالرحمن بدوی<br>و. محمد سالار شێخ علی | نیتشە و شیعر | ٣٤ | ٢٠٠٤ | ١٨ |
| و. ساکار عبدالله | شکسپیر و شانۆکاری | ٣٥_٣٦ | ٢٠٠٥ | ٤٨ |
| ئارام سدیق | بۆدلێر، ئەو شاعیرەی ژیانی کردە قوربانی شیعر | ٣٥_٣٦ | ٢٠٠٥ | ٥٢ |
| ن: عەبدلواحید محمد<br>و. نوری سەعید قادر | کورتەیەک لە ژیاننامەی هەندێک لە چیرۆکنووسەکانی یابان. | ٣٧ | ٢٠٠٥ | ١١٦ |
| ن: مایکل سنکیلر<br>و. ڕەئوف بێگەرد | لە چاوەڕوانی گۆدۆدا شانۆگەریی ڕێکەوت و بێ هوودەیی. | ٤٦ | ٢٠٠٧ | ٤٩ |
| ن: ئالین ڕۆب گرێی<br>و. حسێن شێر بەگی | چیرۆکی نوێ، ئینسانی ڕێبازی نوێ. | ٤٧_٤٨ | ٢٠٠٧ | ٧٠ |
| بەختیار عەلی | کاروان... چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان | ٥٠ | ٢٠١١ | ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەڵعەت تاهیر | مەحمود دەروێش، فڕین لە دەرەوەی پۆلدا | ٥٢ | ٢٠١١ | ٥ |
| ڕەووف بێگەرد | دوا نامەکانی فرانز کافکا | ٥٢ | ٢٠١١ | ٩ |
| و. هیوا قادر | ژیانە تازەکە، وەرگیراو لە گفتوگۆکانی ڕۆمانی ژیانە تازەکە.. ئۆرهان پامۆک | ٥٢ | ٢٠١١ | ٢٣ |
| داستان بەرزان | بە ڕۆمانکردنی مێژوو، لە ڕۆمانی (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان)ی (یوسف عیزەدین)دا | ٥٢ | ٢٠١١ | ١٤٢ |
| تەڵعەت تاهیر | مارکێز، ئەوەی لەبری هەموومان نووسی | ٥٣ | ٢٠١١ | ١١ |
| فەرەیدون پێنجوێنی | تەڵعەت تاهیر لە ڕۆشناییدا! | ٥٤ | ٢٠١٢ | ٣٤ |
| ئارام شێخ وەسمان | ئەو سێ توخمەی بەبێ یەکتر هەڵناکەن، ئەوین و ئاگر و کتێب لە ناخی (کەریم دەشتی)دا | ٥٤ | ٢٠١٢ | ٤٥ |
| غەمگین بۆڵی | ژنێک پڕ لە هەتاوی بوێری | ٥٤ | ٢٠١٢ | ٤٩ |
| ئومێد حەمە عەلی | پژمەکەی چێرڤیاکۆڤ | ٥٤ | ٢٠١٢ | ٦٤ |
| عەبدوڵا عەباس | شاعیری مەزن، شیعری پیرۆز | ٥٦_٥٧ | ٢٠١٢ | ١٧ |
| سەباح ڕەنجدەر | ڕازێکی دەروون، جەلالی میرزا کەریم | ٥٦_٥٧ | ٢٠١٢ | ٣٨ |
| داستان بەرزان | ئۆدیب پاشا، ڕەچەڵەکی تێکستەکان | ٥٨ | ٢٠١٢ | ٣٢ |
| حەمە قادر | نۆبڵی ئەدەبی ٢٠١٢ بۆ نووسەری چینی (مۆ یان) | ٥٨ | ٢٠١٢ | ٢٢٩ |
| غەمگین بۆڵی | ماهییەتی پەیڤەکان، نووسین لە پێناو ڕەخنەدا | ٥٩ | ٢٠١٣ | ٢٩ |
| ن: سەبیحە شەبر<br>و. سەنگەر زراری | کورتە چیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی | ٥٩ | ٢٠١٣ | ٢٢٣ |
| ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | شار لە ڕۆمانی عەرەبیدا.. | ٦١ | ٢٠١٣ | ٣٤ |
| و. بابەک سەحرانەوەرد | من کتێب بۆ مرۆڤایەتی دەنووسم | ٦١ | ٢٠١٣ | ٤٠ |
| ن: ناجح المعموری<br>و. عەزیز کەریم عەلی | جەستەناسی و لێشاوی ئارەزوو، لە (پرۆشەکانی عەشق)ی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا | ٦١ | ٢٠١٣ | ٤٧ |
| حەمەکەریم عارف | ڕۆمان دەکاتە ئەوپەڕی ئازادیی خەیاڵ | ٦٢_٦٣ | ٢٠١٣ | ٤ |
| ئەدیب نادر | دنیایەک پڕاوپڕ لە سەدای ئاشنای مێژوویەکی دڕدۆنگ | ٦٢_٦٣ | ٢٠١٣ | ١٦ |
| ن: ئەندرێ تارکۆڤسکی<br>و. ئەکبەر حەسەن | سیناریۆ | ٦٢_٦٣ | ٢٠١٣ | ٧٠ |
| و. ئیمان خودایی | ئەزموونی فاکنەر مارکیز ئیکۆ گۆنتەرگراس | ٦٤ | ٢٠١٤ | ١٢٤ |
| و. بابەک سەحرانەوەرد | بایەخی فۆڕم لە ڕوانگەی فۆڕمالیستەکانەوە | ٦٤ | ٢٠١٤ | ١٣٠ |
| ن: تزڤێتان تۆدۆرۆڤ<br>و. زاموا محمد | ئەدەب بەکەڵکی چی دێت؟ | ٦٥ | ٢٠٢١ | ١٨ |
| ئەحمەد محمد ئیسماعیل | سۆزان سەمانچی نهێنییەکان ئاشکرا دەکات | ٦٥ | ٢٠٢١ | ٢٤ |
| ن: دوریس لیسینگ<br>و. تارا شێخ عوسمان | ماڵێک لە قوڕ، بەڵام پڕ لە کتێب | ٦٥ | ٢٠٢١ | ٣٧ |
| سیامەند هادی | ئەحمەد محمد ئیسماعیل، دەنگێکی تایبەت و بەردەوامی چیرۆکی کوردی | ٦٥ | ٢٠٢١ | ٥٠ |
| سابیر ڕەشید | خوێندنەوەی دەق | ٦٦ | ٢٠٢١ | ٦٠ |
| ن: واساوا شیمبۆرسکا<br>و. تارا شێخ عوسمان | شاعیر و جیهان | ٦٦ | ٢٠٢١ | ٦٤ |
| د. موحسین ئەحمەد عومەر | بەلەمی نادیار، بەلەمی شیعر | ٦٦ | ٢٠٢١ | ٩٠ |
| ن: تۆنی مۆریسۆن<br>و. تارا شێخ عوسمان | باڵندەکە لە نێو دەستدایە | ٦٧_٦٨ | ٢٠٢١_<br>٢٠٢٢ | ٣٨ |
| ن: لەتیف هەڵمەت<br>و. نەبەز گەرمیانی | نەخشەی شیعری نوێی کوردیی | ٧٠ | ٢٠٢٢ | ٥١ |
| سەباح ڕەنجدەر | فەرموودەکانی شیعری بێگەرد | ٧٠ | ٢٠٢٢ | ٧٣ |
| بڵند باجەلان | سەفەر بەرەو منالی بە کەشتیی گەورە بوون | ٧٠ | ٢٠٢٢ | ١١٢ |

## ٦/٢) پێوەری وتاری ئەدەبی لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا:

بۆ ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان وتارێکی ئەدەبی گۆڤارەکەمان هەڵبژاردووە و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی وتاری ئەدەبیمان تێدا دەستنیشانکردووە، لە دەستنیشانکردنی وتارە ئەدەبییەکەدا هەوڵدراوە ڕەچاوی چەند لایەنێکی تایبەت بکرێت، وەک لایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نووسەر یاخود ئاستی پسپۆڕی و شارەزای لە بواری ئەدەب و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان:

کاروان... چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان/ (بەختیار عەلی)

ئەم وتارە لە لایەن (بەختیار عەلی)ەوە نووسراوە، لە ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠١١، لە (٩) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرایە نووسەری ئەم وتارە خاوەنی قەڵەمێکی بە بڕشت و خاوەن هەگبەیەکی دەوڵەمەندی دەقی ئەدەبییە، لە سەرجەم بوارەکانی وەک (ڕۆمان، شیعر، وتاری ئەدەبی) نووسیوە، ئەم وتارە دەچێتە خانەی وتاری ئەدەبی. ئەوەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ و کاریگەر بۆ هەڵسانگاندی هەر وتارێکی ئەدەبی کە خوێنەر و توێژەران لە پاشخانی دەوڵەمەندی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی وتارنووس بکۆڵنەوە.

ناونیشان: وەک دەبینین هەر لە سەرەتای بەرکەوتنی خوێنەر بە ناونیشانی وتارەکە، بە ناونیشانێکی ئەدەبی سەرنجڕاکێش ئاشنا دەبین. بە ناوی (کاروان... چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان) وەک دەبینین ناونیشانەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، سەرەتا ئاماژە بە ناوی چیرۆکنووس (کاروان کاکە سوور) دەکات، پاشان بە سێ وشە وەسفێکی زۆر کورت و پوخت و پڕمانای دەکات، کە لە هەناوی ئەو سێ وشەیەدا پەیامی گەورە دەبین دەربارەی ئەو چیرۆکنووسە. لە سەرەتای وتارەکەدا، (بەختیار عەلی) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسەری گەورە دیاری دەکات و دەڵێت: ((یەکێک لەو سیفەتە گەورانەی نووسەرێک دەکاتە نووسەر. ئەوەیە بتوانێت بێشەرمانە باسی خۆی بکات...)) (عەلی، ٢٠١١: ٥).

خودێتی: ئەم دەستپێکە دەربڕینی بۆچونێکی خودی نووسەرە دەربارەی دەستنیشانکردنی نووسەری گەورە، کە دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە لەم جۆرە نووسەرانە لە ئەدەبی کوردیدا کەمە، هەر لەبەرئەوە زاراوەیەک دادەنێت بە ناوی (ئەدەبی ترسنۆک) کە بەم جۆرە دەیناسێنێت ((ئەدەبی ترسنۆک ئەو ئەدەبەیە کە مرۆڤ ڕاشکاوانە لە ناویدا قسەناکات)) (عەلی، ٢٠١١: ٥) بەکارهێنانی ئەم زاراوە دەرگا دەکاتەوە لەسەر گفتوگۆکردن لە سەرچەمکێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان کە ئەوەش دەرخستنی ڕادەی توانای نووسەرەکان لە کارکردن بۆ پیشاندانی خۆیان وەک بابەتێک جێگای تێڕامان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ژیانی خۆیان وەک کەرەستەکەی بەکەڵک بۆ بونیادنانی دەقێکی ئەدەبی بەپێز. کە بێگومان ئەم گێڕانەوەیش لەڕێگەی کارەکتەر ناو چیرۆکەکانەوە بەیان دەکرێت، وتارنووس ئەو شێوازە بە (ئەدەبی ڕاستەقینە) ناو دەبات. ((ئەدەبی ڕاستەقینە لەو ساتانەدا دێتە دونیاوە کە مرۆڤ توانای قسەکردنی لەسەر خۆی دێتەگۆ وەک پاڵەوانەکانی کاروان کە دەگێڕنەوە و دەگێڕنەوە... ئەوەیشی دەیانبزوێنێت تەنها خواستی حیکایەتکردنی چیرۆک نییە، بەڵکو ئەو فشارە ناوەکییانەیە بۆ ئەوەی بدوێن)) (عەلی، ٢٠١١: ٥). کەواتە لێرەدا وتارنووس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتای وتارەکەی کە تایبەتمەندی نووسەری گەورەی دیاری کردبوو، ئەو تایبەتمەندیانەیش لە کارەکتەر و پاڵەوانی چیرۆکەکانی (کاروان کاکە سوور)دا، دەبینێتەوە. بەم جۆرە کەسایەتی چیرۆکنووس لەنێو کار و ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانیدا دەستنیشان دەکات.

بیرۆکە: بیرۆکەی  ئەم وتارە وەک وتارێکی ئەدەبی بریتییە لە خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی چیرۆکنووس (کاروان کاکەسوور). وتارنووس هەوڵدەدات کە بەکورتی ستایل و تایبەتمەندییەکانی ئەم چیرۆکنووسە بە خوێنەر بگەیەنێت، لە پێش ئەوەی باس لەم کۆمەڵە چیرۆکە بکات بە دیاری کراوی و دەڵێت: ((جیهانی کاروان... جیهانی ئەو مرۆڤانەیە کە دەیانەوێت مامەڵەیەکی کراوە و ئازاد لەگەڵ نهێنییە تایبەتیەکانین خۆیاندا بکەن))(عەلی، ٢٠١١: ٦) کەواتە لە ڕوانگەی وتارنووسەوە کاریگەری بایۆگرافی چیرۆکنووس و دەرکەوتنی ئاماژەکانی ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر نەک هەر شتێکی ئاساییە، بەڵکو ئەگەر نووسەر بتوانێت بە ڕاستگۆی سەرجەم لایەنە باش و خراپەکان یاخود جوان و ناشیرینەکانی ژیانی خۆی بنووسێتەوە یاخود لە ڕێگەی کارەکتەرەکانیەوە بیخاتەڕوو، ئەوە کارێکی گەورەیە و دەبێت بە هەوێنی چێژێکی تایبەتی بە دەقە ئەدەبییەکانەوە خوێنەر دەبەستێتەوە بە ژیانی واقیعەوە.

شیکاری و لێکدانەوە: یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی هەر وتارێکی ئەدەبی هەڵسەنگاندن و شیکارییە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، ئەو تایبەتمەندییە بە تەواوی لەم وتارەدا ڕەنگی داوەتەوە، وتارنووس زۆر بەوردی لێکدانەوەی بۆ ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی چیرۆکنووس کردووە لە چەندین ڕەهەندەوە دیدی خۆی دەربارەی بەرهەمە ئەدەبییەکە خستووەتەڕوو، ((بەوەدا لای کاروان هەم ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی گەورە دەبینم، واتێدەگەم ئەم دەرکەوتنەوانەش هەم ڕەهەندێکی هونەری و هەم ڕەهەندێکی سایکۆلۆژییان هەیە. بەدیوە هونەریەکەیدا کاروان بەهۆی فیگۆرە واقیعی و ئاساییەکانەوە، جیهانی چیرۆکەکانی لە شتە ئاساییەکان نزیک دەکاتەوە، ئەو خەیاڵەمان لا سەوز دەکات، ئەوەی دەیگێڕێتەوە هیچ نییە جگە لەخودی واقیع بە هەموو کارەکتەرە زیندوو و ناسراوەکانییەوە)) (عەلی، ٢٠١١: ١٢). وەک دەبینین وتارنووس لە هەردوو رووی (هونەری)ەوە، شیکاری بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کردووە، کە بێگومان ئەم لێکدانەوە بەرهەمی ئەزموونێکی دوور و درێژ و پاشخانێکی دەوڵەمەندی وتارنووسە، کە دەبێتە هۆی بەرچاو ڕوونی خوێنەر و کۆمەکی خوێنەر دەکات بۆ باشتر تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ دەقە ئەدەبییەکە. پاشان بۆچوونێکی جیاوازی دیکە دەربارەی ڕۆڵی خەیاڵ لە چیرۆکەکاندا دەخاتەڕوو دەڵێت: ((بەڵام کۆی ئەم دونیا "زۆر واقیعییە" لای کاروان لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە سێبەری چیرۆکێکی سوریالی)) (عەلی، ٢٠١١: ١٢). لێرەدا وتارنووس پەیوەندی گەڕانەوەی کارەکتەرەکان لە نێو واقیعەوە بۆ دنیای سوریالی بە خاڵی بەهێزی و سەرنجڕاکێشی چیرۆکەکان دادەنێت.

وەسف: دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی ئەم وتارە بە وتارێکی وەسفی دابنێین، چونکە وتارنووس هەر لە ناونیشانی وتارەکەیەوە بەشێوەیەکی ئەدەبی وەسفی بەرهەمە ئەدەبییەکانی چیرۆکنووس (کاروان کاکە سوور) دەکات. لەنێو بەرهەمەکانیشیدا بە تەواوی سەرنج دەخاتە سەر دیاردەیەکی تایبەت کە بە زۆری لە بەرهەمەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا دەردەکەوێت، ئەوەش (ونبوون)ە، لە ناو وتارەکەیدا بە چەندین شێوە و چەندین جۆر (ونبوون) لە نێو چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا دەستنیشان دەکات ((ونبوون بەشێکی جیانەبووەوەی گرێچنی هەموو چیرۆکێکی کاروانە، ئەگەر نەڵێم دینەمۆی سەرەکی زۆربەی چیرۆکەکانە))(عەلی، ٢٠١١: ٩). لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی وتارنووس وەسفی کۆی بەرهەمەکانی چیرۆکنووس دەکات، دواتر بە وردی باس لە جۆرەکانی ونبوون دەکات لە نێو چیرۆکەکانی (کاروان کاکەسوور)دا، پێی وایە کە ئەم جۆرە ونبوونە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەدەبێکی غەمگین یان بە تەواوی تراژیدی بەرهەمهێنابێت ((ئەوەی وادەکات ئەدەبی کاروان ئەدەبێکی زۆر تراژیدی و غەمئەنگێز نەبێت و نەغمەیەکی شادیی تێدا ببینرێت، ئەو توانای گەڕانەوە و دۆزینەوەیەیە کە جار دوای جار دووبارە دەبێتەوە)) (عەلی، ٢٠١١: ١٠). کەواتە وتارنووس بەمجۆرە وەسفی بابەتی ونبوون وەک گرێیەکی ئەدەبی لە لایەن چیرۆکنووسەوە کردووە، پێی وایە چیرۆکنووس ونبوون و دۆزینەوە بە مەبەستی دروستکردنی تامەزرۆیی خوێنەر تا دواپەڕە و دوا ڕووداوی چیرۆکەکە بنیات دەنرێت.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە لە لایەن وتارنووسەوە وەسفکراوە، ڕەنگدانەوەی فیگەر و کەسایەتییە واقیعیەکانی نێو ژیانی چیرۆکنووسە لە نێو چیرۆکەکانیدا ((خاڵێکی گرنگی دی کە لای کاروان زۆر جێگای سەرنجە و تامێکی تایبەتی بە من دەبەخشێت، دەرکەوتنی فیگەری ئاساییە لە چیرۆکەکانی کارواندا... هاوڕێکانی منداڵیی کاروان، هەندێک لە نووسەران وەک پاڵەوان لای کاروان دەردەکەونەوە)) (عەلی، ٢٠١١: ١٢).

بێگومان سود وەرگرتنی چیرۆکنووس لە ژیاننامەی تایبەتی خۆی لە نێو دەقی ئەدەبیدا کارێکی ئاساییە، بەڵام بەکارهێنانی بەشێوەیەکی هونەری بەرز بەو جۆرەی وتارنووس سەرسامە بە بەرهەمەکانی ئەم چیرۆکنووسە کارێکی گرنگە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی چێژێکی تایبەتی هەبێت و زیاتر ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر. لە کۆتایدا دەتوانێن بڵێین ئەم وتارە سەرجەم سیما و تایبەتمەندییەکانی وتاری ئەدەبی تێدا بەدی دەکرێت، خوێنەر دەتوانیت لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک زانیاری پێشوەختەی دەست بەکەوێت.

## ئەنجام:

١. گرنگیدان بە وتاری ئەدەبی یەکێکە لە ڕێگا کاریگەرەکان بۆ پێشخستنی ئەدەبی هەر میللەتێک. ئەدەبی کوردیش بە هەمان شێوە. لە پاش دەرکەوتنی وتار بەرەوپێشچونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینییەوە. هەرچەندە لەسەرەتادا زمانی نووسینی وتارەکان زمانێکی تێکەڵ بووە لە وشەی بێگانە.

٢. ڕەچاوکردنی بنەماکانی نووسینی وتار یەکێکە لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی هەر وتارێک بەگشتی و وتاری ئەدەبی بەتایبەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت.

٣. بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەرهەڵدانی هەموو جۆرەکانی وتار لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا پەیوەستە بەسەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، گەشە و بەرەوپێشچوونیشی هەر بە ڕۆژنامەنووسییەوە بەندە، لەهەمان کاتیشدا ڕۆژنامەنووسی کوردی مەودایەکی فراوانی بۆ ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان تەرخانکردووە.

٤. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ وەك گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری هاتە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە و هەیە لە بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبی و ڕوناکبیرییەکاندا و چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕووناکبیری گرنگی تێدا بڵاودەکرێتەوە، هەروەها چەندین شاعیر و ئەدیب و نووسەری بە توانای بە خوێنەرانی ناساندووە.

٥. زۆری گرنگیدانی ڕۆژنامەنووسی بە وتاری (ئەدەبی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەری زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەدیب و شاعیران بوون، بۆیە گرنگییەکی زۆر بەبڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان و وتاری ئەدەبی دراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) گرنگییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان بەگشتی و وتاری ئەدەبی بەتایبەت بدات.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم_ بە زمانی کوردی:

### أ_ کتێب


١. بیمار، عبدالرزاق، (١٩٩٦)، پەخشانی کوردی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٢. نورەدین، بوار، (٢٠١٨)، بنکەی ڕوناکبیریی گەلاوێژ _ مێژووی دامەزراندن، بیبلیۆگرافیای چالاکی و بەرهەم، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٣. طە، عبدالصمد اسلام، (٢٠٠٢)، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢_ ١٩٤٣)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤. حوسێن، هیمداد (د)، (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان_ بنکەی ژین، سلێمانی.

٥. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا، (٢٠٠٨)، لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە(چواردە لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٦. مەنتك، حەمە(د)، (٢٠١٩)، چەشەو چەشنە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەم و زین، هەولێر.

٧. میسری، محمد دلێر ئەمین(د.)، (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢_ ١٩٢٤)، چاپخانەو ئۆفیسی ژیر، سلێمانی.

٨. قادر، کاروان علی، (٢٠٠٤)، هونەری ڕۆژنامەنووسی (هەواڵ، ڕێپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفیسی بەدرخان، سلێمانی.

٩. مستەفا،ساڵح مستەفا، (٢٠١١)، هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا(١٩٢٦_ ١٩٣٢)، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

١٠. تاتانی، محەمەد (د)، (٢٠٢٢)، ڕۆڵ و ڕەوتی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، ژمارە (١) تا (٦٨)، چاپخانەی کارۆ،

سلێمانی.

١١. خەزنەدار، جەمال، (١٩٧٣)، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی.

ب_ نامەی زانکۆیی:

١٢. تاڵەبانی، ئومێد ڕەحیم شەمسەدین، (٢٠١٣)، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە عێراقدا (١٩١٨- ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

١٣. حسەین، جەمیلە ئەحمەد، (٢٠٠٨)، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

١٤. حسین، هیوا کریم، (٢٠٢٠)، کاریگەر گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا (بەنموونەی باشوری کوردستان ١٩٩٢_٢٠٠٣)، نامەی دکتورا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٥. حەجی، ڤان نەعمان، (٢٠١٤)، ڕۆژنامەگەریا ئەدەبی ل باشورێ کوردستانێ (١٩٩١_ ٢٠٠٣)، گۆڤارێن (پەیڤ) و (گەلاوێژی نوێ) وەک نمونە، نامەی دکتۆرا، سکولا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ.

**پ_ گۆڤار:**

١٦. ئەمین، محمد دلێر، (١٩٩٧)، گەلاوێژ و مێژوو بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی، چەخماخەی داهێنان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١).

١٧. بەرزنجی، عەبدوڵا تاهیر، (١٩٩٩)، سپیدە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٤).

١٨. باراوی، شوان، (١٩٩٨)، زمانی ئەدەبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٠).

١٩. عارف، حسێن، (١٩٩٧)، زریوەی گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١).

٢٠. هادی، سیامەند، (٢٠٢١)، سەروتار، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٥).

٢١. شاربازێڕی، جەمال، (١٩٩٧)، لە گۆشە نیگای گەلاوێژەوە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١).

٢٢. عەلی، بەختیار، (٢٠١١)، کاروان... چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٥٠).

٢٣. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، (١٩٩٧_ ٢٠٢٢) ژمارە (١_ ٧٠)، سلێمانی.

٢٤. محمد، دلێر محمد ئەمین(د)، (٢٠٠٣)، ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠_ ١٩٢٢) و کاریگەری لە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٢، بەشی B.

**دووەم_ بە زمانی عەرەبی:**

**أ- الكتاب:**

٢٥. أبو اصبع، صالح، (٢٠٠٨)، فن المقالة_ أصول النظرية_ تطبيقات_ نماذج، مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان.

٢٦. اسماعيل، عزالدين (د.)، (٢٠١٣)، الأدب و فنونة_ دراسة ونقد، دار الفكر العربى، القاهرة.

٢٧. بدر، عزة (د)، (٢٠١٦)، المجلاد الأدبية في مصر من ١٩٥٤ إلى ١٩٨١م، ط ١، المجلس الأعلا للثقافية، القاهرة.

٢٨. حمزة، عبداللطيف، (١٩٨٥)، ادب المقالة الصحفية في مصر، الجزء ٢، الطبعة الثانية، دار الفكر العربى_ القاهرة.

٢٩. شرف، عبدالعزيز(د)، (٢٠٠٠)، فن المقال الصحفي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع- القاهرة.

٣٠. نجم، محمد يوسف (د)، (١٩٦٦)، فن المقالة، الطبعة الرابعة، دار الثقافة بيروت- لبنان.

**ب_ پێگەی ئەلیکترۆنی:**

٣١. رجب، سوسن(د)، (٢٠١٢/٣/٩)، فن المقالة، https: press.gid3an.com